
دامەزراوەی
ستراتیژی
نیشتمان

شەن و کەو

# نیشتمانی سارا




نووسەر:
**میران ئەبراهام**

ئامادەکردنی:
**هۆشەنگ شێخ موحەمەد**


nishtmansi.com
@nishtmansi

لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا تا ناوی (سارا) لە ڕۆمانەکەدا پەیدا نەبێت، نازانین، (سارا) کێیە و چییە، تا نیستمانەکەی بناسین. (سارا) کچێکە، دەسگیرانێکە، ژنێکە، دایکێکە و ڕووحێکە سەرگەردانی جیهانی ڕەسەن و پاک و موقەدەسیی خۆیەتی! موقەدەسێک کە لە نێو دین ومێژووی ڕووحی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت و لە جیهانێکی شێواو و تووند و دڕندە و نادادپەروەر و دەیان سیفەتی تری نەرێنیدا، ئەزموونی زیندووبوون و قەدەر و چارەنووسی خۆی دەکات.

لە (نیشتمانی سارا)دا گەڕەکێکی بچووک هەیە، کە لەوێ منداڵێک، مرۆڤێک، لە نێو مێژووییەکی دوور و قووڵ و درێژ و فرە دەرد و ئارەزوو لەدایک دەبێت. لەم کۆڵانەدا مێژووی ماددی و مێژووی موقەدەسی میللەتێک، شێوە و ناوەڕۆکێکی دی بە ئەزموونی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەبەخشن.

لەم کۆڵانە بچووکەدا، مێژووی گەورەی خودا و میللەت و دین و ڕووحێک دەردەکەوێت. دیاردەبێت و پەردە لەسەر سەرچاوەکانی خودی خۆی لادەبات. هونەر و شەراب، کتێب و بەرد، کنێسەت و نوێژکردن، خەون و حاخامی، مێژووی کوشتن و کۆچ و بێ نیشتمانی، گەڕەکێکی بچووک لە دنیایەکی گەورەی وێرانەدا، تەمەن و حازرنەبوونی مرۆڤبوون لە مێژوودا، هەموو ئەمانە و شتی تریش، بە میرات لەم کۆڵانەدا بۆ منداڵەکان ماونەتەوە و تا مردن و دوای مردنیشیان وەک مۆتەکە و تارمایی بەدوایانەوەیە.

منداڵەکان کە لەدایک دەبن، میراتێکی قورسی ڕووحی و ماددی، ژیانیان گەمارۆ دەدات، پیاوانی دین و سیاسەت پێکەوە مێژوویەک پەیدا دەکەن، کە تێیدا خودا و کتێبگەلی پیرۆز و مەزارگە و شوێنگەلی موقەدەسی مرۆڤ، دەبنە هۆکاری ئەوەی زەبرێکی کوشندە لە ڕووحی ئینسانەکان بدەن پێش ئەوەی لە جەستەیان بدەن. لەگەڕەکێکدا منداڵێک لەدایک دەبێت، پێش ئەوەی درک بە هیچ شتێکی ئەم جیهانە بکات پێی دەڵێن :(کەس توخنی ئەو بەڵایە نەکەوێت!)[1]

---

[1] ڕۆمانی نیشتمانی سارا ل ١٣

ئەم (بەڵایە) سەرەتا و کۆتایی ڕووحی میللەتێکە،کە خودا هەر ئەوەندەی پێ ڕەوا بینیوە! میللەتێک هەر لە منداڵییەوە فێر دەکرێن، کە ئەوان جیاوازن، جیاوازییەکە لە جلوبەرگ نییە، لە شکل و شەمایلدا نییە، بەڵکو لە ڕووحییانە. ڕووحی (جوو)! ئەو ناونیشانەیە کە نەوەک هەر خەیاڵی منداڵ و گەورەکان داگیر دەکات، بەڵکو خەیاڵی مێژوو گەمارۆ دەدات!

تەماشاکردنی میراتێکی ڕووحیی گەورە، بە بەڵا و جیاواز، بە مودەنەس نەوەک موقەدەس. وەستانەوە بە خەنجەر و کوتەک و دارتێوەژەندنەوە، لەبەرابەر تەلموود و گیانی حاخامی و گۆڕەکانی پێغەمبەران، لە ڕۆژی موبارەکی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاخیری زەماندا! نەبینینی ئەوەی (جوو) میراتێکی گەورەی مرۆڤەکانی ئەم شار و گەڕەک و قەڵا و کۆڵانانەی هەڵگرتووە، تەماشاکردنیان وەک (باوە حیزێک)! و دەبێت ڕەحمی ئیسلامەتیان بچێتە دڵەوە. ئەم بینینە، بەم شێوە و ناوەڕۆکەی لەم ڕۆمانەدا وەسفی کراوە، تێمان دەگەیەنێت، گەمەکانی مرۆڤی دڕندە، مرۆڤی شەیدای دەسەڵات و بەهەشت و هێز و دڕندەیی، چ هێزێکی خراپەکاری لە نێودایە، کە دەتەقێتەوە چ ریسوابوونێک پەرش دەکات؟!

مێژووی چەتەیی و سوارە تفەنگچییەکانی عەشیرەت، لەسەر ڕێگە و تولەڕێیەکانی شاخەکانی کوردستاندا، دەستبڕین و قۆلبڕین و سەربڕین و دزی و جەردەیی، بە کورتی مێژووی حەیاچوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، مەگەر تەنیا (هونەر) بتوانێت ئەو هەموو دڵڕەقی و دڕندەییەی مرۆڤ بە شێوەیەکی (جوان) بەرجەستە بکات و هەر بە (هونەر)یش وەڵامی ئەو هەموو وەحشیگەریی و ئەو هۆشیارییە نزمە بداتەوە، کە مرۆڤی کردووە بە ئاژەڵێکی کێوی!

(ماتان) بە (هونەر) وەڵامی مێژووی سەردەمێکی پڕ شەرمەزاری دەسەڵاتی چەکدار و شێخ وسوڵتان و سەرۆک عەشیرەت و هەر هێزێکی تری وەحشی دەداتەوە. تاکە هێزێک (جوانی هونەرە) کە بتوانێت بەر لەم هەموو شەرمەزاری و ریسوابوونەی مرۆڤ بگرێت! ئەو هونەرە دەتوانێت گیانی ڕێوی و گورگ و کەمتیار و گیانداری تر، لای ئەو شێخ و سوڵتان و تفەنگچییانە ئاشکرا بکات! گیانی هەقیقی ئەو مرۆڤانەی لە ئاژەڵانی دڕندە خراپتر بەربوونەتە گیانی بێ دەسەڵات و بێ پشت و پەناکان. ئەو ئاژەڵانە، مێژووی ڕووحیی مرۆڤ، لە پێناو ماددەیەکی پیس و چڵکندا، هەڕاج و هەرزان فرۆش دەکەن.

ئەو دەسەلاتەی ناهێڵێت (زمان)ی مرۆڤگەلێک بدرەوشێتەوە، پەردەی زمانێکی تری بەسەردا دەسەپێنێت، تا لەڕێی پەردەدارکردنی ئەو زمانە، (مرۆڤەکانیش) پەردەدار بکات، بیریان بشارێتەوە، ڕووحیان، میراتی موقەدەسیان، زیندووبوون و ڕەوان و نەفەسیان لەنێو ببات.

خەباتی سوڵتانەکانی ئۆسمانی، لەم بارەیەوە، نموونەیەکی بێ پەردە و بێ ئەدەب و بێ ڕێزی وەهایە، مرۆڤ لە ئاستی باسکردنیاندا شەرمەزارە! مێژووی مودەنەسی سوڵتانەکان، دژ بە مێژووی موقەدەسی ئینسان لە کوردستاندا، شتێکە وەک تاعوون و ڕشانەوەی سەفەربەلیک ڕەش!

مێژووی سەد ساڵی دوایی کوردستان بە گشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوە، ئەم ڕۆمانە "نیشتمانی سارا" پەردەیەکی ئەستوور بە شێوەیەکی ئەدەبی لەسەر ئەم سەد ساڵە لادەدات. بە شێوەیەک لە گەمەکانی دیندار و سیاسی و ڕۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و کۆی ئەو هۆشیارییە دەگەین، لەم سەد ساڵەدا پەیدا دەبێت، کە ئەزموونی چەندین نەوە بۆ ژیانکردن دەخاتە دۆخێکی نالەباری ماددی و ڕووحییەوە.

تۆژینەوەی ئەم سەد ساڵە، بەم شێوە ئەدەبی و هونەرییە، وەک پەیکەرەکانی (ماتان) دەبنە باشترین و جوانترین گەڕان و وەڵام بۆ مێژووی (بزاوی رزگاریخوازی کوردی) و (بزاوی کۆمەنیست و حزبی شوعی) و (شۆڕشی نوێ) و ناوی ئەو هێزانەی لە پەیداکردنی ئەو دۆخە ماددی و رۆحییەدا بەشداربوون!

تۆژینەوەی ئەم سەد ساڵە، بەم شێوە ئەدەبی و هونەرییە، وەک پەیکەرەکانی (ماتان) دەبنە باشترین و جوانترین گەڕان و وەڵام بۆ مێژووی (بزاوی رزگاریخوازی کوردی) و (بزاوی کۆمەنیست و حزبی شوعی) و (شۆڕشی نوێ) و ناوی ئەو هێزانەی لە پەیداکردنی ئەو دۆخە ماددی و رۆحییەدا بەشداربوون!

ئەم ڕۆمانە، هەڵگری میراتێکی ڕووحیی مرۆیی گەورەیە، کە لێرەدا خەریکە لەبیر دەکرێت و وەک شتێکی بێ بایەخ نە تەماشای دەکرێت و نە ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. تا ئێستا لە ژێ فشاری ئەو هۆشیارییە ساختەیەی کورد لەم بەشەدا تێیکەوتووە، لەمە نەگەیشتووە، کوشتن و کۆچپێکردنی (جوو) چ زیانێکی ڕووحی پێش جەستەیی و فکری بە ئێمە گەیاندووە؟! لەوەش دەچێت هێشتا زۆر مابێت، لەمە بگەین کە ئێمە لەژێر چ هۆشیارییەکی گشتیدا ئەزموونی جیهان و ژیان و ئیمان دەکەین؟!

نیشتمانی سارا، نیشتمانی ڕووحی پاکی ئینسانە، ئینسان بە واتای مێژوو و میراتی موقەدەس، موقەدەسیش بە واتای پاک، بێگەرد، ڕەسەن و سەرچاوەی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ. لەم سەد ساڵەدا (موقەدەس)ی کورد، ئەمەندە بێ بایەخ و ترۆ کرا! کە شەرم بێت ناوی (موقەدەس) بهێندرێت. هەموو واتایەکی ڕەسەن و پاکی و بێگەردییان لە موقەدەس داماڵی. ناوی (موقەدەس)یان کردە ناونیشانی فکرێک، کە شەرمهەڵگر بێت، لە جیاتی ئەوەی رووناکیهەڵگر و رۆشنکەرەوەی دەروون و خود و ڕەوانی مرۆڤ بێت!

بۆ من (نیشتمانی سارا) شکۆی ئەم موقەدەسە ڕەسەنە دەگێڕێتەوە، کە ژیان و زیندوبوون بە مرۆڤ دەدات، کە مرۆڤ هەمیشە وەک (سارا) بە دوویدا وێڵە و ئارەزووی دەکات و شەیدایەتی، چونکە ژیانی ئارام و شایان بە مرۆڤی موقەدەس و پاک لەوێیە. لەم نیشتمانەیە، کە سەد ساڵ دەبێت، وەک (گۆڕێکی غەریب) گومناو کراوە!

ئاسۆی ئەخلاقیی ڕۆمانەکە، من وەک خوێنەرێک لەبەرابەر ئەم تاوانانەی دەرهەق بە (جوو)ەکان کراوە، بەرپرسیار دەکات و وام لێ دەکات پرسیار لە مێژووی (ئاشتەوایی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان) بکەم. لەم سەد ساڵەدا مێژووی پێکەوە ژیان، لە کوردستاندا شکۆمەند و پاک بووە؟! لێرەدا بابەتی (جوو) پتر دەبێتە فکرەیەک بۆ ئەو دۆخەی هۆشیاریی تاکی کوردیی لەم سەد ساڵەدا پێدا تێپەڕیوە. ئایا کورد لەبارەی (پێکەوە ژیان) چی کردووە و چی فێربووە؟! بەڵام دەبێت ڕێ بەو کوردەی تر- ئەوی تر بدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، نەوەک ئێمەی موسڵمان، باڵادەست، بەهێز و حاکم! با بزانین لە هۆشیاریی ئەوانی تردا چ پەیدا بووە و چۆن بابەتەکە ئەزموون دەکەن؟!

ئەم ڕۆمانە دەرگەیەک بە رووی دەروون و مێژووی ڕووحی ئێمە دا دەکاتەوە، تا لەوێوە تەماشای نیشتمانێکی موقەدەس بکەین، نەوەک نیشتمانێک پڕ لە مودەنەس.
نیشتمانی سارا، نیشتمانی ڕەوانە، ڕووحە، نەوەک ماددە و دەسەڵات و هێز و خۆسەپاندن.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە ڕۆماننووس (میران ئەبراهام) دەکەم، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، جۆرەها هەست و بیرکردنەوەم بە مێشک و دڵ و سەردا هاتن. پرسیار لەبارەی مرۆڤ، خەیاڵ، ئەدەب، نووسین، هونەر و چارەنووس. بە گشتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە لە رووی دەروونییەوە، سەخت بوو، بەلام مێشکمی رۆشن کردەوە.
نووسین هەندێجار نەوەک تەنیا بۆ نووسەری ڕاستگۆ، بەڵکو بۆ خوێنەرەکەی بەئازارترە! هەروەها ئەمەش بەئازارە، کە تا ئێستا تێنەگەین، بە نەمانی جوو لە کوردستاندا، چ جوانی و هونەر و ژیان و زیندووبوونێکمان لەدەست دا؟! دەبێت پرسیار بکەین تا تێبگەین، ئەگەر بەیانی مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و خۆشمان لێرەدا قڕ کراین! جیهان چ جوانییەک و هونەرێک لەدەست دەدات؟!


نیشتمان

دامەزراوەی
ستراتیژی
نیشتمان

@nishtmansi
nishtmansi.com